# ڕێنماییەکانی قژشووشتن

قژشووشتن ئەگەرچی کارێکی گرنگ و پێویستە، قژت چەند پاك بێت هێندە جوانتر دەردەکەوێت، بە تایبەت ئەوانەی قژیان خاوە، یان لوول و بریقەدارە. زۆر جار پرسیارێك لای ئافرەتان دروست دەبێت، کە ئایا هەفتانە چەند جار قژیان بشۆن؟ پسپۆڕان دەڵێن: زۆر شووشتنی قژ کاریگەریی خراپی لەسەر لاوازکردنی مووی سەر هەیە، کەم شووشتنیش بە هۆی کۆبوونەوەی پیسی و چڵك و کرێش تاڵەکانی قژ خراپ دەکات. پسپۆڕی بواری قژ جولیان فارێل دەڵێ: «زۆربەی خانمان پێیان وایە ئەگەر قژیان زۆر بشۆن باشترە، کەچی ئەوە هۆکارێکە بۆ هەڵوەرین و لاواز بوونی مووەکانی سەر، بەتایبەت ئەگەر هەموو شووشتنەکان بە شامپۆ بێت»، جولیان هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوانەی قژیان چەورە واچاکە بۆ دوو ڕۆژ جارێك بیشۆن، ئەوانەشی قژیان وشکە سێ ڕۆژ جارێك، ئەوانەی قژیان وشکە، زیاتر دوچاری کێشەکانی هەڵوەرین و وشکبوونی قژیان دەبنەوە، هەروەها ئەوانەی قژیان تووشی وشکبوونی زۆر بووە، یان بەهۆی گەرمییەوە سپی بووە، نابێت زیاتر لە دوو جار لە هەفتەیەکدا قژیان بشۆن. سکوت میلەریش کە پسپۆڕێکی ئەو بوارەیە دەڵێ: «ئەوانەی قژیان وشکە و هەڵدەوەرێت، چاکترە هەفتەی جارێك بیشۆن.»





# شێوازە تازەکان

پانتۆڵەکان جوانترین مۆدی جلوبەرگیان لە ماوەی (٢٠) ساڵی ڕابردوودا پێکهێناوە، ئەگەرچی شێوازەکانیان جیاوازە و هەر یەکەیان لە جۆرێکە، بەڵام دیزاینەرەکانی جلوبەرگ توانیویانە لەو بوارەدا بگەنە لوتکەی سەرکەوتن و بە بەردەوامیش مۆدی تازەتر دەروست بکەون. «کارگۆ» یەکێکە لە شێوازە تازەکانی پانتۆڵ، کە سەرەوەی فراوانە تا سەر ئەژنۆکان و دواتر تەسك دەبێتەوە، بە گیرفانی گەورە و نەخشی جۆراوجۆر دەوڵەمەندە، ئەو شێوازە بە شەش ڕێگە لەگەڵ جلی دیکەدا ڕێك دەخرێن کە بریتین لە ئەم جۆرانە:

- پانتۆڵی کارگۆ و بلایزەر و تیشێرت: شێوازێکی ناسك پێکدەهێنن، دەتوانی تیشێرتێکی سادەی ڕەش، یان بلایزەرێکی درێژی ڕەش لەگەڵ جووتێك پێڵاوی وەرزشی و پانتۆڵێکی کارگۆ لە ڕەنگی شین، یان قاوەیی بپۆشیت، ئەم جۆرە مۆدێکی نایاب دەبەخشێت و بۆ گەشت گونجاوە.

- پانتۆڵی کارگۆ و سەندەڵ و تیشێرتی درێژ: مۆدێکی ناسکە، کاتێك پانتۆڵێکی کارگۆ و سەندەڵێکی ڕەنگ کراوەت پۆشیبێت، هەست دەکەیت



# کراسە نایابەکانی تیمبرلی بۆ خانمانی بووک

لەم وەرزەدا زەماوەند و ئاهەنگەکانی هاوسەرگیری روویان لە زیادبوونە، پێویستە بووکەخانیش شاجوانی ئاهەنگەکەی بێت، ئەو جوانییەش بەرجەستەتر دەبێت، کاتێك کراسێکی نایاب و جوانی لەبەر بێ، هەروەها ئارایشتێکی ناوازە و ماکیاژێکی ناسکیش بکات، بەتایبەت مارکەی تیمبرلی بۆ جل و بەدلەی بووك کە لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا سێ لە جوانترین مۆدەکانی کراسی بووکیان داهێناوە، تۆش بە کامیان سەرسامی دەتوانیت دەستنیشانی بکەیت بۆ رۆژی زەماوەندەکەت، ئەوانیش ئەم جۆرانەن:

یەکەم: کراسی بووك لە شێوەی رەنگی کەرە، کە لە سەرەوەی تەسکە و لە خوارەوەش بەرین دەبێتەوە، بە خشڵ و ئێکسسوارەکانی تەرتەری بریقەدار رازاوەتەوە، قۆڵەکانی درێژن و سەر دەستی نییە، تا سەر مەچەك دەبێت و بەشێکی دەکەوێتە سەر دەست.

دووەم: کراسی بووك لە جۆری بەدی، کە تەواوی جەستە دەگرێت و بە جوانی دەریدەخات، بەشی پێشەوەی بە بەرد و کریستاڵەکان رازاوەتەوە، هەروەها موورو و مەرجانیش لەسەر سینگ و قۆڵەکان دانراون.

جۆری سێیەم: کراسی بووك لە جۆری حەریری، ئەمەش لە قوماشی حەریر چێ کراوە، شێوەیەکی نەرمونیانی پێوە دیارە، لە سەرەوە تا خوارەوە بە هەمان پێوەر دانراوە، قۆڵەکانی کراوەن و لە سەر دەستەکانەوە تەسك دەبنەوە، گوڵی بچووك و گەورەش لەسەر تەواوی کراسەکە بەدی دەکرێت.







## ـــــــی پانتۆڵی کارگۆ

کە بۆ کاتی گەشت و سەیران چەند گونجاوە.

- پانتۆڵی کارگۆ و پووت: ئەگەرچی بەرەو وەرزی گەرما دەچین، بەڵام پۆشینی پووتی کورت و پانتۆڵێکی کارگۆ شیکت دەکات، ئەویش لەگەڵ تیشێرتێکی نەخشدار و رەنگاورەنگ جوانتر دەردەکەوێت و بۆ کاتی سەردانی هاورێ و کەسەکانت گونجاوە.

- پانتۆڵی کارگۆ و کراسی سپی: ئەمەش مۆدێکی سەرنجراکێشە، کاتێك کراسێکی سپی بە دوگمە لەگەڵ پانتۆڵێکی کارگۆ بپۆشیت، بە مەرجێك رەنگەکانیان هاو رەنگ نەبێت و جیاواز بێت، دەبینیت بۆ کاتی دەوامی زانکۆ زۆر گونجاوە.

- پانتۆڵی کارگۆ و سترەی درێژ: ئەویش سەرنجراکێش دەبیت کاتێك جلەکەت هەمان رەنگ و نەخشی هەیە، ئەمەش بە شیککردنی پانتۆڵێکی کارگۆ و سترەیەکی درێژ، یان قەمیسێکی درێژ لەگەڵ پشتێن و پێڵاوی پاژنە بەرز.

- پانتۆڵی کارگۆ و ئێکسسواری کریستاڵ: ئەگەر پانتۆڵ و جلەکەت هەمان رەنگ و شێوە بن، دەتوانیت بە ئێکسسوار و خشڵە کریستاڵەکانی وەکو (ملوانکە و بازن و گوارە) جوانییەکەی تەواو بکەیت، بۆ کاتی دەوامی فەرمی گونجاوە.

# هاندەرە سەرشێتەکەی محەمەد سەڵاح

محەمەد سەڵاحی میسری و یاریزانی یانەی لیڤەپووڵی ئینگلیزی، لەم چەند ساڵەی دواییدا بەهرە و توانایەکی بێ وێنەی پێشکەش بە یانە و هەوادارانی کردووە، ئەوەش وایکردووە کە هەوادارەکانی کاری سەرکێشیی بۆ بکەن، دیارترینیان ئەو کچە ئەمریکییەیە کە دەیەوێت بە کراسێکی واژووکراوی محەمەد سەڵاحەوە گەشتێك بۆ هەموو وڵاتانی جیهان ئەنجام بدات، ئەو کچە تەمەنی (١٩) ساڵە و ناوی (کیری ماکۆسکا) یە، لەو گەشتەی دەستپێکردووە تا ئێستا سەردانی (٦٠) وڵاتی جیهانی کردووە، بە نیازیشە ئەگەر بۆی ڕەخسا سەردانی تەواوی وڵاتان بکات، بۆ ناساندن و ڕێکلامکردن بۆ ئەو یاریزانە، سەرەتا خەڵك پێیان وابوو کە ئەو کارە وەك بانگەشەیەك لەلایەن محەمەد سەڵاح خۆیەوە سەرپەرشتی دەکرێت، کەچی دواتر لەلایەن ئەو یاریزانەوە ڕوونکرایەوە کە محەمەد سەڵاح ئاگاداری ئەو کارەیە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك سەرپەرشتی ناکات و ئەو خۆڕسکانە ئەو کارەی کردووە.




# زەبەلاحترین ف

کێبڕکێی کۆمپانیاکانی جیهان بۆ دروستکردنی ناوازەترین و سەرنجڕاکێشترین بەرهەمەکان بەردەوامە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش بەرهەمی سەیر دەخرێتە بازاڕەوە، کۆمپانیای (Stratolaunch Systems)ی ئەمریکی گەورەترین فڕۆکەی دروست کردووە، کە (١٥٠) مەتر درێژە و ئەوەندەی یاریگایەکی وەرزشی دەبێت، فڕۆکەکە بە شەش بزوێنەر کار دەکات و بۆ یەکەمین جار لە بیابانی (مۆهاڤی) لە باشووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ماوەی دوو کاتژمێر چۆتە ئاسمان، بیرۆکەکە



# گۆپاڵ و گۆچان لە

گۆپاڵ یان گۆچان، کەرەستەیەکی کۆن و دێرینە، نازانرێت بۆ یەکەم جار کەی دروست کراوە، داردەستێکە بۆ هاوسەنگیی جەستە بەکار دێت و یارمەتیدەرە بۆ ئەوانەی ناتوانن بە جوانی بڕۆن، هەروەها وەك کەرەستەیەکی کەلەپوور و کوردەواری بە دەستی بەساڵاچووانەوە دەبینرێت، زۆر جار وەك دیاری بە کەسانی دیار دەبەخشرێت، تەنانەت شوان و گاوانەکانیش وەك کەرەستەیەك بۆ سەرکەوتن و هەڵگەڕان بەسەر کێو و شوێنە بەرز و نزمەکاندا بەکاری دەهێنن. گۆپاڵ لە چەندین جۆرە دار دروست دەکرێت، لەوانە:داری بناو، دارگوێز، دارتاوك و هەلهەلۆکە و چەندانی دیکە، بەڵام دیاترینیان دار کنێرەیە، کە هەم بۆنی خۆشە و هەمیش بەهێزە، لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان گۆپاڵ دروست دەکرێت، بە تایبەت ناوچەکانی مێرگەسوور و هەورامان جوانترین گۆپاڵ دروست دەکەن، جیاوازیی نێوان گۆپاڵ و گۆچان زیاتر لە شێوەی سەرەوەیدایە واتە ئەو شوێنەی بە دەست دەگیرێت، گۆپاڵ زیاتر چەماوە و لە شوێنی بازنەی تەواونەکراو دروست دەکرێت، بەڵام گۆچان لە داری خۆڕسك وەردەگیرێت، کە لەسەرەوە راستەهێڵێکی بچووکە و دواتریش لە خوارەوە درێژ دەبێتەوە، گۆپاڵ لە گۆچان بە هێزترە، تەنانەت بۆ کاتی بەرگری و شەڕیش بەکاردەهێنرێت، چەندین ڕێگە هەن بۆ دروستکردنی گۆپاڵ و گۆچان لەوانە: دروستکردنی قاڵبی گۆپاڵ لەسەر دارێك، کۆلکە دارێك دەهێنرێت بە مەرجێك بەهێز و پتەو بێت، دواتر ئەو دارە لەسەر پارچە دارێك بە شێوازی بازنەیی هەڵدەکۆڵدرێ کە قاڵبی گۆپاڵ دروست بکات، مەرجە پاکیش بکرێتەوە تا ئەو دارەی دەخرێتە ناوی بچەمێتەوە و ببێتە گۆپاڵ و جوان دەربچێت، ڕێگەیەکی دیکەش هەیە کە دروستکردن و چەماندنەوەی کەمەی گۆپاڵ



## ــــــــڕۆکە دروستکرا

لەلایەن ئەندازیارانی ئەو کۆمپانیایە هاتە کایەوە، کاتێك بیریان لەوە کردەوە کە دوو فڕۆکە بەیەکەوە بلکێنن. ئکێشی ئەم فڕۆکەیە دەگاتە (٢٢٦) تەن و لەکاتی فڕیندا دەتوانێت بۆ زیاتر لە (١٠) کیلۆمەتر بەرز ببێتەوە، هاوکات توانی (١٨٩) میل لە کاتژمێرێکدا ببڕێت، ئەوەش یەکەم فڕینی بوو کە بۆ کاری تاقیکردنەوە بە سەرکەوتوویی ئەنجام درا. دوا خێرایی فڕۆکەکە دەگاتە (٣٠٥) کیلۆمەتر لە کاتژمێریدا، وا بڕیارە لە ساڵی (٢٠٢٠) فڕۆکەی زیاتری لەم جۆرە بەرهەمبهێندرێت.



## هەردوو دەستی نییە و هاوسەرگیریشی کردووە



ژیانی هاوسەری بۆ هەموانە و درەنگ، یان زوو ئەو پرۆسەیە ئەنجام دەدەن، تەنانەت ئەوانەی خاوەن پێداویستی تایبەتیشن، یان بەشێکی جەستەیان لەدەستداوە لەم پرۆسەیە بەشدارن، وەك ئەو ئافرەتە ئەمریکییەی کە ناوی (جلیسا ئۆستن)ـە و تەمەنی (٣٠) ساڵە و لەو کاتەی لە دایکبووە، بێ دەست هاتۆتە دونیاوە، تەنانەت رۆیشتنیشی بە ئەستەمە و ناتوانێت وەك مرۆڤێکی ئاسایی بڕوات، هەروەها بەژنیشی کورتە، بەڵام دواجار گرێی بەختی کرایەوە، کاتێك لەگەڵ پیاوێکی دڵ گەورە بە ناوی (جۆناسان) بەر لە (١٣) ساڵ یەکتریان ناسی، دواتر وەك هاورێ بوون، تا ئەو کاتەی بڕیاری هاوسەرگیرییان دا، ئەو کچە دەڵێ: «ئەو پیاوە لە دڵی مندا گەورەترین کەسە، چونکە خۆی هیچ گرفتێکی نییە و منی بەم جۆرە دەوێت، بۆیە هەرچی بتوانم لە خۆشەویستی و پاکی و وەفا و رۆح پێشکەشی دەکەم، جۆناسان هەموو دونیامە، چونکە ئەوکاتەی کە وام دەزانی بە تەنیا دەمێنمەوە و کەس نامکات بە هاوسەری ژیانی خۆی، هەستێکی ناخۆشم هەبوو!»

## ژیانی کوردەواریدا




و گۆچانە، سەرەتا شێنە و لقی دارێکی تەڕ دەهێنرێن و پاشان لە قاڵب دەدرێن، لە نزیك قاڵبەکەش ئاگر دەکرێتەوە و بەشێکی دارەکە دەخرێتە ناو ئاگرەکە تا گەرم ببێت، دواتر بە هۆشیارییەوە دەخرێتە ناو قاڵبەکە، ماوەی چەند رۆژێك دەمێنێتەوە تا بە ئەندازەی قاڵبەکە رەق دەبێت و شێوەی بازنەی تەواونەکراو وەر دەگرێت، هاوکات رێگەی دیکەش هەن، لەوانە بە چەقاندنی لقە دارێکی دوو سەرە کە مەرجە ئەستوور بێت، لقێکی بە شێوەی بازنەیی پاك دەکرێت، تا شێوەی گۆپاڵ و گۆچانی لێدەردەچێت.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە خۆشەویستی دەکات لە جاران و سەردەمی ئێستادا، ئەوەی لە ئێستادا دەگوزەرێت زیاتر لە ڕێگەی ئامێرەکانەوەیە، بەڵام جاران ڕووبەڕوو بوو هەروەها زیاتر بە هەستەوە بووە، ئافرەتان و پیاوانی ئێستاش تەنیا خەریکی تۆڕە کۆمەڵایەتیی و یارییەکانن و خۆشەویستیش فەرامۆش کراوە.




## فێلکاری چاو

لەم وێنەیەدا دارێك کەوتۆتە سەر بۆنێتی ئۆتۆمبێلەکە، وەك ئەوەی بەناو ئۆتۆمبێلەکەدا چوویێت، هەوڵبدە ڕاست و دروستیی وێنەکە بزانیت و فێڵکارییەکە ئاشکرا بکەیت.



## یاری وێنە

لەم وێنەیەی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا باراك ئۆباما، چەندین ڕووخساری دیکەش هەیە، هەوڵدە بیاندۆزیتەوە و شوێنەکانیشیان دیاری بکەیت.





## بووکەشووشە ڕاستەقینەکان

کاتێك منداڵێکی جوان دەبینین، بەهۆی ئەوەی شێوەی ڕوخساری زۆر ناسکە بە بووکەشووشە ناوی دەبەین، کە بەمەش دەبێتە جێگای سەرنج لە بەرچاوی خەڵك، لە زۆربەی وڵاتانی جیهان چەندین کچ هەن کە شێوەیان وەك بووکەشووشە وایە، لەوانەش (ئەنجلیکا کینۆڤا، کیلسۆ سانتبیانس، ڤالیری لوکیانۆڤا، پێخی فوکس، بلۆند بینێت، جەستن جیدلکا) بەڵام دیارترینیان (ئەناستازیا)ی تەمەن (١٧) ساڵە، کە بە تەواوی شێوەی وەك بووکەشووشە وایە، ئەگەر ئەو کچە لە دوورەوە بوەستێ کەس نازانێ مرۆڤە، یان بووکە شووشەیە، ئەویش بەهۆی ئەوەی شێوەی ڕوخساری زۆر لە بووکەشووشە دەچێت، چاوێکی گەورە و دەمێکی بچووکی هەیە، زۆر جار خەڵك لە بەرامبەر ئەو کچە بە هەڵەدا دەچن و وادەزانین بووکەشووشەیە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

کارەکانت بە جوانی بەڕێ دەکەیت، ماوەیەکە خەریکی چەندین ئەرکی جۆراوجۆریت، هەوڵ بدە بەپێی پێویست کارەکانت ڕێکبخەیت، ڕەنگە کەسی بەرامبەر بیەوێت چەند پرسیارێکت ئاراستە بکات، تۆش هەوڵبدە بەشێوەیەك وەڵامی بدەیتەوە کە بڕوات پێ بکات و لێت زیز نەبێت، چونکە ماوەیەکە وا هەست دەکات لەبیرت کردووە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

کەسانێکی زۆر هەن کە متمانەیان بە تۆ هەیە، تۆش دڵیان مەشکێنە و یارمەتییان بدە، بەهۆی ئەوەی کە بەرپرسیارێتیت زیاتر دەبێت، ڕەنگە هەموو شتێك وەك جاران بە ئاسانی بەدەست نەیەت و لەبەرژەوەندیی تۆدا نەبێت، پێویستە ئەمە ببێتە هۆی ئەوەی بڕوات بە تواناکانت زیاتر بێت، بۆ ئەوەی دەستکەوتی زیاتر بەدەست بهێنیت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

لەگەڵ کەسێکدا کارەکانتان بە جوانی رایی دەکەن، ئەو کەسەی لە دڵتدایە مەهێڵە لە دەستت بچێت، ئەم ماوەیە هەست بە بێزاری دەکەی، بەڵام زۆر درێژە ناکێشێت و کۆتایی دێت. بەگشتی کەسانی خاوەنی ئەم بورجە ئارەزوویان لە پەیوەندیی یەکتر ناسین و دۆستایەتی لەگەڵ کەسانی تازە هەیە، لەوبارەیەشەوە بە متمانەوە هەڵسوکەوت دەکەن.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢


یارمەتیی دەوروبەرت بدە، بۆ ئەوەی بتوانن لە نزیکەوە ئامانجەکانیان بپێکن، کەسێکی دڵت فراوانە و سەرکەوتووی، واهەست مەکە هەموو کاتێك قسەی خۆت ڕاستە، بەڵکو گوێ لە قسەی بەرامبەرەکەشت بگرە و بەشێوەیەکی زانستی بەراوردیان بکە، ئەوسا بۆت دەردەکەوێت کە بیروبۆچوونی کەسانی دیکەش چەند گرنگە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

هەوڵەکانت بۆ چارەسەری کێشەکان لە جێگای خۆیانن، کاتەکانت بە فیڕۆ مەدە بۆ کەسانێك کە شایستەی تۆ نین، بە شێوەیەکی نائاسایی بیر لە کەسێکی نزیکت دەکەیتەوە، لەکاتێکدا ئەو هیچ تاوانێکی نەکردووە تا دڵی بشکێنیت، بەهۆی سەرکەوتنت لە پڕۆژەیەکی نوێدا دەستخۆشیت لێ دەکرێت، تۆش هەوڵبدە متمانەی خۆت لەدەست نەدەیت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەرەکەکانت بێزارت دەکەن و تۆش پێویستت بە پشووە، ئەم ماوەیە هەوڵبدە پشوویەك وەربگریت، تا زیاتر هەست بە بۆچوونی کەسانی دیکە بکەیت، دەبێت زیاتر بەهێز بیت و ئەو بڕیارانە کاریگەریت لەسەر دروست نەکەن کە لەدژی تۆ دەدرێن، چونکە ئەوە یارمەتیت دەدات تا لە داهاتوودا شکستەکان دووبارە نەکەیتەوە، ئەو کات دەستخۆشیشت لێ دەکرێت.



# جیاوازی وێنە

- لەم دوو وێنەیە چەند جیاوازییەك هەیە بیاندۆزەوە!




## پەند و وتە

شاعیری کەنەدی و وەرگێڕ و پرۆفیسۆری وانەوتنەوە (ئان کارسۆن) لە ساڵی (١٩٥٠) لە شاری تۆرینتۆی وڵاتی کەنەدا لەدایکبووە، دەربارەی هەندێ وشە و گوزارشت دەڵێ: «هەندێ جار بەرامبەر هەڵوێستێك، یان کارێکی جوان، هیچ وشە و بڕگەیەك نییە تا بتوانیت گوزارشتی لێ بکەیت، وشەکان ئەو کاتە نە لە هەست و نە لە مێشکدا نامێنن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە تەنیا بێدەنگ بیت، تا ئەو کاتەی دێیتەوە هۆش خۆت، ئەو کاتە دەتوانی وشەکە بڵێیت، یان بینووسیت.»

# بۆ زانیاریت

### بیری (کۆلا)

قووڵترین بیری لێکۆڵینەوەیە لە جیهاندا، ئەم بیرە زانایانی سۆڤێت بۆ لێکۆڵینەوە لە توێکڵی زەوی دەستیان پێ کرد، لێکۆڵینەوەکە لە ٢٤ مایۆی ساڵی ١٩٧٠ دەستی پێ کرد و لە ساڵی ١٩٨٩ لێکۆڵەرەکان لە قوڵای ١٢٢٦٢مەتر دەستیان لێ هەڵگرت. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ساڵی ١٩٦٢ پێشنیار کرا، لە ساڵی ١٩٦٥ شوینەکەی دیاری کرا، کە شاری (زابۆلیانی) لە باکووری ڕۆژئاوای رووسیا بوو، ئامانجەکەش لێکۆلینەوە لە قووڵایی ١٥٠٠٠ متر بوو. لە ساڵی ١٩٨٣ بیرەکە ١٢٠٠٠ متری تێپەڕاند، بەڵام لە ٢٧ی سێپتەمبەری ١٩٨٤ کاتێ قووڵییەکەی گەیشتە ١٢٠٦٦ متر داڕاما و ٥٠٠٠ متر قووڵییەکەی کەمی کرد و بووبە ٧٠٠٠ متر. کاتێ گەشتە قووڵایی ١٢٢٦٢ متر ڕاگەیەنرا کە گەشتن بە ١٥٠٠٠ متر زۆر ئەستەمە، ئەویش بەهۆی بەرزی پلەی گەرمییەوە کە ١٨٠ پلەی سیلزی بوو، پێشتریش وا پێشبینی کرابوو کە ١٠٠ پلە بێ، لەقوڵای ٩٤٥٠ متردا گەشتن بەڕێژەیەکی ئیجگار زۆر لە ئەڵماس و زێڕ لەگەڵ دۆزینەوەی ڕێژەیەکی زۆری گازی میسان کە بووە هۆی چاو پیاخشاندنەوە بە نەوت و گازدا. چونکە دەرکەوت کە ئەو خۆڵەی سەر رووی مانگ کە کەشتییەکی سۆڤێتی هێنابوویەوە بۆسەر زەوی، هەمان ئەو خۆڵەیە کە لە قوڵای سێ بۆ چوار کیلۆمەتردا دۆزراوەتەوە، ئەمەش ئەو بیردۆزەی پشتڕاست کردەوە کە زەوی و مانگ یەك پارچە بوون. بیری کۆلا دەرفەتی دا بە زانایان بە سەیکردنی ژیانی ٢,٥ ملیار ساڵ پێش ئیستا، هەندێك کەس هۆکاری راگرتنی پڕۆژەکەیان بۆ بیستنی هاوار و ناڵەی مرۆڤی ئەشکەنجەدراو لەناو زەویدا دەگێڕایەوە، بەوهۆیەشەوە بوو بە یەکێك لە ترسناك ترین تاقیکردنەوەکان، بەڵام دواتر سەرۆکی پڕۆژەکە ئەو لێکدانەوانەی ڕەتکردەوە و هۆکارەکەی گەڕاندەوە بۆ تەرخان نەکردنی پارە لەلایەن حکومەتی سۆڤێتەوە.






جارێکیان سێ درۆزن پێکەوە دەبن، یەکێکیان دەڵێ: باوکم هێندە دەوڵەمەندە دەتوانێت نیوەی ئەمریکا بکرێت، ئەوەیش دیکەش دەڵێ: باوکم دەتوانێت هەموو ئەمریکا بکرێت، ئەوەی سێیەم دەڵێ: جا کێ دەڵێ باوکم رازی دەبێت بیفرۆشێت!




### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بەم نزیکانە پڕۆژەیەکی پێشووت سەردەگرێت، پێویستە تۆش ببیتە کەسێکی دیار و خاوەن ئەرك، خۆت لەگەڵ کەسانی دەوروبەر بگونجێنە و یارمەتییان بدە، ئەو بێدەنگییەی ئێستا پەیڕەوی دەکەیت کەسی بەرامبەرتی خستۆتە بارێکی سەختی بیرکردنەوەوە، هەر قسەیەکت هەیە، لێی مەشارەوە و راشکاوانە پێی بڵێ، پێش ئەوەی لەدەستی بدەی.




### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

پێویستە پارێزگاری لە خۆت و ژیانت بکەیت، چونکە خەریکە ئەوەشی بە دەستتهێناوە لە دەستی دەدەیت، لەلایەن خۆشەویستەکەتەوە دیارییەکی بەنرخت پێشکەش دەکرێت، تۆش بە خۆشحاڵییەوە قبووڵی بکە. هەوڵبدە لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت کۆتایی بە گرفتی نێوانتان بهێنیت، تا ببێتە سەرەتایەك بۆ بەهێزبوونەوەی پەیوەندییەکانی هاوڕێیەتی و کارکردنت.




### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

هەڵەکانت مەکە بە پێوەر بۆ شکستت، خەریکی کاری نوێ بە و هەوڵبدە لە کاری باش بەردەوام بیت، کەسێکی نزیکت گلەییت لێ دەکات، بەوەی هیچ هەواڵی ناپرسیت و ئەوت لەبیر کردووە، بە هەمان شێوە هاوڕێکانی دیکەشت پێیان وایە کە بە ماوەیەکی کەم لەخۆت گۆڕاویت، تۆش بۆیان روون بکەرەوە کە ئەوانت لەبیر نەکردووە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

بە جوانی بیر دەکەیتەوە، ئەوەش وایکردووە کە سەرکەوتووانە هەنگاو بنێیت، چەند کەسێك دەیانەوێت پلانێك دژی هاوڕێیەکت دابنێن و داوات لێدەکەن کە نهێنییەکانی ئەویان بۆ باس بکەیت، نهێنییەکانی هاوڕێکەت لای کەس باس مەکە، چیتر هیچ قسەیەکی گرنگیش لای ئەو کەسانە باس مەکە، چونکە ئەوان لە بەرژەوەندیی تۆ کار ناکەن.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

یارمەتیی کەسانی دەوروبەرت بدە و مەهێڵە دەستکەوتەکانیشت لە دەست بچێت، کەسێك لە دڵتە و ڕێگەی بدە زیاتر بتناسێت. ئەگەر ناتوانیت بەرگەی دووریی کەسانی نزیکت بگریت، باشترین کار ئەوەیە پێکەوە بژین و لە نزیکی یەکتر بن، بەهۆی سەرقاڵبوونت بە چەند کارێکی گرنگەوە ئەم هەفتەیە زۆر ماندوو دەبیت، هەڵبدە ئارامیی خۆت بپارێزیت.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

دوای رابردووی کەسەکانی دیکە مەکەوە، سەیری ئێستایان بکە تا شارەزایان ببیت، بڕوا بەو قسانە مەکە کە دژی کەسی بەرامبەر دەکرێن و دوورن لە راستی، دەبێت زیاتر هەوڵ بدەی بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی ماوەیەکە خەونی پێوە دەبینی. لە ناوەڕاستی ئەم هەفتەیەدا چاوەڕوانی هەواڵێکی خۆش بە، کە ڕەنگە تووشی سەرسوڕمانت بکات.